# ئاکار – میتائاکار لۆجیک، یان میتافیزیک

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین– کۆلێژی ئاداب)

١ – بە پێچەوانەی دابونەریتی فەلسەفەی ئەزموونی ئینگلیز لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست لەلایەن پرۆفیسۆر براِدلی و بۆزانکێت و مەکتاگارت و سەمۆییل ئەلێکسندەر فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەها (فەلسەفەی هیگڵی نوێ) لە زانکۆی کامبرجی بەریتانیا جێگیر کراوە. ئەو نەریتە ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بووە، تاوەکوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست، ئیتر دوو فەیلەسووفی لاوی خوێن گەرم بیرتراند ڕەسڵ، جۆرج ئیدوارد موور لەو دابونەریتە پاشگەزبوونەوە و ڕەوتی ئاراستە فەلسەفەییەکەیان سەرتاپا گۆڕیوە!

لۆجیکی بیرکاری و فەلسەفەی شیکاری و لینگویستیک جێگیر کراون. لە ساڵی ١٩٠٣ ز پرۆفیسۆر د. موور توێژینەوەیەکی بە ناوی بنەماکانی ئاکار (پرزیکپا ئێتیکا) (١) بڵاوکردووەتەوە، پێشتریش لەژێر ناونیشانی پووچەڵکردنەوەی (ڕیفیوتەیشن) ئایدیالیزم توێژینەوەیەکی پەخش کردووە. لە توێژینەوەی ئاکاردا جیاوازی نێوان ئاکار و میتائاکاری باس کردووە، بۆیە ئەو بەرهەمەی موور بە بارگۆڕین و خاڵی وەرچەرخانی بابەتی ئاکار دادەنرێت. ناونیشانەکەش– میتائاکار – لە بابەتی لۆجیکی سەردەمی خۆی کەوتووەتەوە. لە کاتی تاووتووکردنی بابەتی ناکۆکییەکانی نێو نەزمی لۆجیکی بیرکاری (فریگەی ئەڵمان) و تیۆری تیپ و کلاسەکان جیاوازی نێوان زمان و میتازمان

کراوە و بە دوو ئاستی جیاوازی توێژینەوە دانراون. بە هەمان شێوە موور ئاکار و میتائاکاری بە دوو ئاستی جیاوازی بابەتی ئاکار سەرنج داوە.

- ئەگەر زمانی ئاسایی لە لۆجیکدا بەهۆی سمیبۆل و وشەوە بابەتی دەوروبەری کردبێ بە کەرەستەی دەربڕین، ئەوە میتازمان دەستەواژەکانی زمانی ئاسایی کە بابەتەکان دەردەبڕن، نەک کەرەستە و بابەتەکان خۆیان، دەکات بە کەرەستەی توێژینەوە. بۆ نموونە- بە مەبەستی ڕوونکردنەوە - ئەگەر بە زمانی ئاسایی بگوترێ:

«شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە». ئەمە بابەتی دەربڕاوی زمانی ئاساییە. میتازمان ئەو دەستەواژەیە دەکات بە بابەتی توێژینەوەی خۆی، کەواتە جۆری پێوەندی نێوان ئاکار و میتائاکار چۆنە؟ دەکرێ بە دوو لقی لە یەکتری جیاواز سەرنج بدرێن؟ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە بزانێ بابەتی ئاکار بە گشتی و تایبەتی چییە و لە چی پێک هاتووە؟! ئایا بابەتەکە بڕیاردانە بە تەنیا چ چاکەکارییەو چ بەدکارییە؟ چی ڕێگادراوە و چی قەدەغەیە و نابێ مرۆڤ توخنی بکەوێ؟ کامانەن ئەو چەمکانەی ئاکار پەنایان بۆ دەبات؟ ئایا دەکرێ بگوترێ کە میتائاکار بە ئاشکرا جێ دەستی کولتووری مۆدێرن و شۆڕشی تەکنۆلۆجی سەردەمی خۆی پێوە دیارە؟ ئەو جێ دەستە کامەیە و چۆنە؟

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم سەردەمە بەهۆی زانست و تەکنۆلۆجییەوە لە سایەی ئازادی شێواز و ناوەڕۆکی جیاوازی چینایەتی و بەند و کۆیلایەتی گۆڕیوە- لە سەرانسەری ئەوروپا — ڕۆژئاوادا، دەستی گۆڕان و بە سنعات کردن گەیشتووەتە هەموو کونوقوژبنێک هەر لە گوندەوە تاوەکوو شارە زەبەللاحەکان. کار و پیشەی مرۆڤ لە کارگە و دامەزراوەکان و لە کەرتی تایبەتی جێگەی شیاوی خۆیان پڕ کردووەتەوە، کۆمەڵگەی جارانی ئاغا و نۆکەر بووە بە کۆمەڵگەی کرێکار و خاوەن کار (سەرمایەدار). هەژاریی و نەخۆشی و نەخوێندەواری تەنگیان پێ هەڵچنراوە. زانکۆکان مەڵبەندی پێ گەیاندنی کادیری کارای کۆمەڵگە شارەکانیان ڕازاندووەتەوە. لەو هەلومەرجەدا کە بەرهەمی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆجییە، چ ئەرکێک بە ئاکار سپێردراوە؟

- بابەتی میتائاکار بە پلەی دووەم دێت دوای ئاکار خۆی، بایەخ بەو کێشانە دەدات کە خەسڵەتی فەلسەفەیان هەیە، بەڵام بە سروشت ئاکارین، لەو ئەرکەدا کە میتائاکار دەیگرێتە ئەستۆ، بڕیار و (حوکم) و دەستەواژە ئاکارییەکان شی دەکاتەوە و جۆری ئەو شیکردنەوەیەش دیار و دەستنیشان دەکات، ئەو کێشەیەی لێرەدا، بەپێی بۆچوونی موور و هەوادارانی، بەرپا دەبێ: ئایا ئاکار ڕاز و نیاز و مەبەستی بە دەستەواژەی شیکاری دەردەبڕێ کە بکرێ بکرێن بە کەرەستەی شیکردنەوە، یان ڕێنمایی دەکات و فرمان دەدات؟

لەو ڕەوشەدا ڕێنمایی و فەرمان چۆن بە ئامرازی لۆجیکیانە شی دەکرێنەوە؟ هیچ لاری لەوە نییە کە ئەو دەستەواژانەی سروشتی لۆجیکیان هەیە و شی دەکرێنەوە، دەبێ دوو بەهایی بن: ڕاست، یان چەوت! ڕستە دەربڕەکانی ئاکار ئەو مەرجەیان تێدا نییە! کەواتە چۆن ئەو کێشەیە بەلایەکدا بخرێ و یەکلایی بکرێتەوە؟ کە مرۆڤ دەڵێ: دزی کردن و ستەم هەڵەو چەوتن! بەڵام بڕیارەکە لە خۆیدا ڕاستودروستە! ئەمە دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟

٢ - شۆڕشی تەکنۆلۆجیای سەردەم کە دیاردەیەکی بەرچاوی گیانی مۆدێرنە لە پەرەسەندنی هەمەڕەنگە و گۆڕان و پێشکەوتن و بەرەوپێشچووندا بەرجەستە بووە. بە هیچ شێوازێک ناکرێ ئەم سەردەمە لەگەڵ ڕابوردوو بەراورد بکرێت و هەردووکیان بەرانبەر یەکتری بخرێتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

پێشکەوتن دوو لایەنی هەیە کە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە:

**یەک:** پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی بە گشت کایە و ڕەهەندەکانییەوە کە هۆکار و هاندەری سەرەکی پەیدابوونی ئەو ڕەوشە (دۆخەیە) کە ئێستا لە ئارادایە.

**دوو:** ڕۆڵی مرۆڤ بەرانبەر بە ئەنجامەکانی ئەو پێشکەوتنە و تا چەند توانیویەتی وەبەریان بهێنێ و بە ڕێگەی ڕاست سوودیان لێ وەربگرێ. هیچ لاری لەوەدا نییە کە هەڵبەستنی پردی نەپچڕان و پێوەندی لەنێوان پیادەکردنی ئەنجامەکانی پێشکەوتنە زانستییە تەکنۆلۆجیەکە و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێشەوە بەرەو دواڕۆژ و سووک و ئاسان نییە، ئەگەر پێشبینییەکەشی لە کردن بێت؟

- ئەو پرسیارەی لێرەدا دەورووژێنرێ: ئایا ژیانی مرۆڤ، گوزەرانەکەی، لەشساغی لە جاران باشتر بووە؟ یان ئەو ڕەوشەش لەگەڵ خۆیدا کێشەی نوێی بەرپا کردووە؟ ئایا مرۆڤ توانیویەتی بەپێی پێویست، کەسێتی خۆی لە بەرانبەر ئەو تەکنۆلۆجیا زەبەللاحەدا بپارێزێ کە هەڕەشەیەکی دیزەبەدەرخۆنەیە لە ژینگە و دەوروبەر، لە مرۆڤ خۆیشی، جگە لە بارگران کردنی ئەرکی سیستەم و نەزمی کۆمەڵگە و جیهان و خێوی چەکی ئەتۆمی هەمیشە لەبەرچاوە؟

- بەڵام گومان لەوەش ناکرێ کە ئەو ڕەوشە تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش مۆتەکەی نەخوێندەواری و دواکەوتن و قاتوقڕی و برسێتی و نەخۆشی و بێ کاری ڕەواندووەتەوە، ئەوەتا لە سەرانسەری وڵاتی پێشکەوتوو (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەر) بە دەیان بگرە پتر کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی دامەزراون و یارمەتی میللەت و وڵاتە کەم دەرامەت و هەژار و دواکەوتووەکان دەدەن!

خۆ ئەگەر لەو وڵاتە پێشکەوتووانە بێ کاری هەبێ، لاوان بە لاڕێگەدا دەڕۆن، یان بڕاون، نەخۆشی کوشندە هەر لە ئارادایە، ئەوە بە هەر لایەکدا لێک بدرێتەوە بوونی ئەو ڕەوشە لەگەڵ ئازادی و دیموکراتی و داد دا- ڕۆژئاوای ئەورووپا و ئەمەریکا و بەریتانیا- ناکرێ لەگەڵ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند وڵاتێکی ئەفەریقای پێست ڕەش بەراورد بکرێت!

دوو کێشەی بنەماکانی ئاکار- گوایە پێ پەست کراوە- قسەی لی بکرێ و بگوترێ ئەو تەکنۆلۆجیایەی ئاماژەی پێ دەدرێ، شیرازەی خێزانی تێک داوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان - کچ و کوڕ، ژن و پیاو) تاڕادەیەکی بەرچاو چەواشەکراون.

کچ و کوڕ وەک ژن و مێرد بەبێ هاوسەرگیری بە یەکەوە دەژین و دوای ماوەیەک وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و هەریەکە بەلایەکدا وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران!

تەنانەت لە هەندێک ڕاپۆرتی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی (خێزان)دا هاتووە- بە ئەڵمانی - کە لە دوای ساڵی ٢٠٣٠ بەولاوە ئەڵمان بە تایبەتی و ئەورووپاییەکان (ڕۆژئاوا) بە گشتی دەبن بە کەمایەتی لە وڵاتەکەیاندا، چونکە هیچ جۆرە شیرازەیەکی خێزان وەک پێویست و چاوەڕوانکراو بەدی ناکرێ. ئەو قسەیە ئەگەر زیادەڕۆییشی تێدابێ، لەڕاستی دوور نەکەوتووەتەوە. ئەو ڕەوشەش لەلای خۆیەوە پرپیشکی کۆمەڵگەی تەکنۆلۆجی بەرکەوتووە.

- ئەو گازندەیە کردنی ئاکار کاڵ دەبێتەوە، لەبەردەم ئەو ڕاستییەدا کە ئاکار لە هیچ جێگەیەکەوە بۆ مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکوو مرۆڤ خۆی داهێنەری بنەماکانی ئاکارە وەک ئامرازێکی ڕێکخستن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤیش خۆی سروشتێکی تایبەتییان هەیە، ئەویش گۆڕان و بەرەو پێش چوونە! ئەو پێشکەوتنەش ئەگەرچی لە هەندێک

لایەن و ڕەهەندەوە ماڵئاوایی لە ڕابوردوو کردووە، بەڵام تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. ناکرێ بە چاوی دوێنێ سەیری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بکرێ!

ئەگەر لە سەردەمێکدا ڕێگریی و ژن هەڵگرتن بە ئاری سەرنج درابن، ئەمڕۆ بە جۆرێکی تر تەماشایان دەکرێ. لە بارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕەوشەکە هەروایە. کچی دوێنێ ئەگەر لە ماڵ نەهاتبێتە دەرێ و (قازی نێر نەیدیبێ!) ئەمڕۆ وانەماوە! چۆن هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکدا بکات و ژیانی بەختەوەری بەسەر بەرێ، ئەگەر نەیدیبێ و نەیناسێ!

٣- ئەو کێشەیەی لە بابەتی ئاکاری مودێرن و میتائاکاردا ڕووبەڕووی جۆرج موور بووەتەوە: چۆن مرۆڤ بزانێ چاکەکاریی (خێر) چییە؟ بە چی لە بەدکاریی (شەڕ) جیا دەکرێتەوە؟ ئایا ئێمە لە دەستەواژەی دەربڕینی چاکەکاریی و بەدکاریی و ئەنجامی دەرکەوتەی ئەو دوو کردارە بەولاوە شتێکی دیکە شک دەبەین؟

پشت بە چ پێوەرێک ببەسترێ بۆ زانین و ساغکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی هەڵسەنگاندن و بڕیارە (حوکمە) ئاکارییەکان؟ زۆرجار لەلایەن هەندێک هزرمەندەوە ئەو بیرۆکەیە پێی لەسەر دادەگیرێ گوایە: دیاردە ئاکارییەکان دەشێ ببن بە بابەت و کەرەستەی زانین (ئەپستمۆلۆجی)، بۆیە دەکرێ مرۆڤ لەوە دڵنیا بێ کە ئەو بڕیارانەی دەربارەی کاروکرداری ئاکارییانە دەدرێن، دەکرێ وەک دەستەواژە دوو بەهابن: ڕاست، یان چەوت!

- ئەم جۆرە بۆچوونە، بابەتی ئاکار بە گشت لایەن و کایە و ڕەهەندەکانییەوە وەک دیاردە لە کارکردەی هەست و سۆز و دوور دەخاتەوە! بەو بیانووەی هەست و سۆز لە گۆڕان بە دەر نین و دوور نییە بابەتێک جارێک بە چاکە و جارێکی تر بە بەدکاری (گەند) هەستی پێ بکرێ!

کەواتە لێرەدا کامیان بە هەند وەردەگیرێ؟

- کارەکە خۆی کە بە ئازادی کراوە و ئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە؟!

- یان ئەو ڕاز و نیاز و (نییەتەی) بکەری کارەکە کردەوەکەی پێ کردووە؟

- یان ئەو بڕیارەی دەربارەی کار و ئەنجامەکە دەدرێ کە بە دەستەواژەی زمان دەردەبڕدرێ؟ یان گشتیان پێکەوە وەردەگیرێن؟

- لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و تاووتووکردنی بابەتی ئاکار و بڕیار و بنەماکانی و پێوەندی بە گیانی سەردەمی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە کێشەی: ڕەسەنێتی، داهێنان، گیانی سەردەم، یان چاولێکەریی ئەوانەی پێشتر بەو قۆناغەدا تێپەڕیون، دێنە بەردەم.

کەواتە مەبەست لەم سێ چەمکە سەرەکییە چییە؟

**یەک:** ڕەسەنایەتی: ئایا ئەمە دەست گرتنە بە دامێنی مێژووەوە، ڕابوردوو بکرێ بە نموونە و سەرچاوە و پابەندبین پێوەی؟ ئەگەر واکرا، ئایا دەتوانرێ گیانی سەردەم بپارێزرێ و لەگەڵیدا ژیان بەسەر ببرێ و سوود لە ئەنجام و دەهێنانەکانی وەربگیرێ؟ ئاوڕدانەوە بۆ دواوە و پشت بەستن بە کولتووری پێشینانە هیچ کاتێک سروشتی پێشکەوتن و پەرەسەندن بەرجەستە ناکات، ئەوی لێی دەکەوێتەوە گۆشەگیری و چەق بەستوویی و دواکەوتنە لە ڕەوڕەوەی نەسرەوتی هەمیشە بەرەوپێشچووی گەلانی پێشکەوتنخواز.

**دوو:** گیانی سەردەم لە چیدا دەردەکەوێ و چۆن پیادە و بەرجەستە دەبێ؟ بێگومان ئەم ڕەوشە وەلانانی ڕابوردوو ناگەیەنێ! بەڵکوو ڕابوون و پاکتاوکردنی هۆکارەکانی دواکەوتن بە گشت ڕەهەندەکانی کولتووری و خوێندن و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوجا سوودوەرگرتن لەو بەرهەم و ئەنجامانەی پەرەسەندن و کولتوور

و زانست کە لەگەڵ ڕەوشی نەتەوە و کۆمەڵگەدا دێنەوە.

**سێ:** چاولێکەری ئەگەر مەبەست کۆپی کردن بێ، پەسند نییە و ناگونجێ، چونکە دۆڕاندنی کەسایەتی و ڕابوردوو کولتووری بۆ ماوە و گیانی دەستپێشخەری و داهێنان پەک دەخات!

- پرسیارێکی لاوەکی: لەو دۆخە سێ چەمکییەدا کورد وەک نەتەوە دەخرێتە کام خانەوە؟

- قسەکردن لە دابونەریت و کۆمەڵگەی ڕەسەنی کوردی، بابەتێکی کێشە لەسەرە، ئەوی هەیە کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردییە! دوای هاتنی ئەو ئایینە بۆ ناوچە کوردنشینەکان و جێگربوونی، چی ماوە بە ڕەسەن کوردی بێت؟ ئەگەر (ڕێزمانی زمانی کوردی) بە دەر بگیرێ، چاولێکەریی کورد سەرئاو دەکەوێ! تەنانەت لە زمانەکەشدا ئەگەر مرۆڤی کورد پێویستی بە شتێک بووبێ و خۆی نەیبووبێ، یەکسەر وشە و چەمکەکەی لە دراوسێکان، بە تایبەتی لە (فارس و عەرەب) خواستووەتەوە! ئەو ڕەوشە ئەگەر سەیرە، بەڵام ڕاستەقینەیە! ئەم دۆخە قسەکەی ئیبن خەلدوون دێنێتەوە یاد کە باسی زانایانی ئیسلامی کردووە و گوتوویەتی: (من ئەل غەریب ئەل واقعی) (٢)! شتەکە نامۆ و سەیرە، بەڵام هەڵکەوتی لە ئارادابوو ئەوەیە!

لە ژیانی مرۆڤی کورددا، هەر لە کاتی لە دایک بوونییەوە تاوەکوو بە خاک سپاردنی، ئایینەکە پتر لە پشکی شێری بەرکەوتووە! بە دەگمەن نەبێ ناکرێ (لە دەرەوەی ئایینەکە و ڕێنماییەکانی) قسە لە بنەمای ڕەسەنی ئاکاری کوردەواری بکرێت!

- ئایا ئەوی گوترا جۆرە گومانکردن لە بنەما و بڕیار و پابەند بوون بە ئاکار ناگەیەنێ؟ بۆ دەبێ مرۆڤ لەو ڕەوشەدا بێ ئومێد بێ لەوەی بنەمایەکی ڕاستەقینەی ئاکار بدۆزێتەوە کە گیانی سەردەم بەرجەستە بکات و لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان و کۆمەڵگە و پێشکەوتنی زانست بێتەوە؟ ئایا ئەم گومانە- بێ ئومێدییە چ لایەکی ئاکار دەگرێتەوە: بڕیار (حوکمەکان)، بەهاکان ڕێنمایی، یان پابەند بوون بە جۆرێک لە جۆرەکان بەوەی لە ئاکار دەکەوێتەوە؟ ڕوونکردنەوەی واتا و دەلالەتی بڕیاری ئاکارییانە وا سووک و ئاسان نییە! بوونی ئەو هەموو جیاوازی و لە یەکنەچوونی بەها و بنەماکانی ئاکار بە درێژایی پەرەسەندنی مێژووی کولتوور و شارستانیەت لەنێو گەلان، ئیتر لەنێوان وڵاتاندا گوڵێک ناخاتە سەر خەرمانی ئومێد بوون بە دەرچوون لەو تەنگژەیەی گومان لە ئاکار!

٤- کەوابوو بنەمای بنەڕەتی ئاکار کامەیە و چییە؟

چاکەکاری و دوورکەوتنەوە لە بەدکاریی و کاری ناڕەوا و تاوان؟ یان پەرۆش و بە زەییە؟ ئایا ئەمانە دەچنە خانەی خۆویستی و سوود و قازانجەوە، یان لە ڕیزی «ئەوی دیکە ویستن» پۆلێن دەکرێن؟ ئەو پرسیارە گریمانەیە، لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تر، ئارێ، نارێ، گەرموگوڕیی خۆی لە دەست نادات:

ئەگەر گریمان گشت فرمان و ڕێنماییەکانی ئاکار جێبەجێ کرابانایە، دەکرا ئەو جیهانەی ئێستا لەوە باشتر و خۆشتر بوایە کە ئێستا هەیە و لە ئارادایە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەرگای میتافیزیکی ئاکار دەخاتە سەر پشت کە پتر سروشت و خەسڵەتی باوەڕ و بڕواو ئایینی پێوە دیارە. دوو ئەگەر، ئەگەر پشتڕاست کردنەوەیان وا ئاسان نییە کە لە ئارادان، کەلەبەری نێوانیان پڕ ناکرێتەوە: مرۆڤ هەمیشە لە ناخ و دەروون و خواست و مێشکیدا نموونەیەکی بەرز هەیە ئەوەی دەیخوازی چۆن بێ! ئەمە ئەو کێشەیەیە کەس دەرەقەتی نایەت. گۆڕان دەکات بە پێشمەرج بەبێ گەیشتنە ئامانج لەلایەکی ترەوە گۆڕینی

سروشـتی مـرۆڤ و مـرۆڤ خـۆی ئەگـەر ئەسـتەم بـێ کارێکـی وا ئاسـان نییـە، ئیتـر ئـەم دوو لایەنـە کـە ناکـرێ پـرد لەنێوانیـان هەڵببەسـترێ، بابەتـی ئـاکاری کـردووە بـە چەنـد بەرەیەکـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە لـە یەکتـری لـە سـەنگەردابوون.

- ئـەو پرسـیارەی لـە چوارچێـوەی میتائـاکاردا ڕووبـەڕووی توێـژ دەبێتـەوە: ئایا ئەو ڕستانەی فرمان و ئامۆژگاریـی و ڕێنماییەکانـی ئـاکار دەردەبـڕن (٣) دەخرێنـە چ خانەیەکـەوە؟ ئەمانـە دەسـتەواژەن، یـان جۆرێکـی تایبەتـن پشـت ئەسـتوور بـە لۆجیکـی نـوێ کـە بنەمـای بنەڕەتـی پاسـاوی میتائـاکارە دەسـتەواژە ئـەو پێکهاتەیـەی زمانـە کـە دوو بەهـای هەبـێ:

ڕاسـت بـێ، یـان چـەوت بـێ، ناکـرێ لەنێـوان ئـەم دوو بەهایـەدا جـۆری سـێیەم بێـت.

کەوابـوو ڕسـتەکانی ئـاکار بەپێـی پێـوەری لۆجیـک دەسـتەواژە نیـن، بەڵکوو دەچنـە خانـەی فرمـان و ڕێنمایـی و ئامـۆژگاری کـە لـە میتافیزیکی ئـاکاردا کـە سروشـتی ئایینـی هەیـە لـە خانـەی چاکـەکاری و بـەدکاری (ڕەنـد و گەنـد) و (خێـر و شـەڕ و گونـاح) پۆلێـن دەکرێـن، بەمـەش خەسـڵەتی زانسـتی لـە دەسـت دەدەن!

- ئەگـەر ئـاکار لەگـەڵ بنەماکانـی لۆجیـک نەیەتـەوە و کـۆک نەبێ، ناکرێ فرمان و ئامۆژگاری بـە دەسـتەواژەیەک کـە کەرەسـتەی توێژینـەوەی لۆجیـک بێـت دەرببڕدرێـن، بـەڵام لەنێـوان ئـاکار و میتافیزیـک و سیاسـەتدا چەمـک و خـاڵ و بابەتـی هاوبـەش و ناوکۆیـی هەیـە کـە دەکـرێ ئامـاژەیان پـێ بـدرێ:

- خـاڵـی هاوبەشـی ئـاکار و سیاسـەت لـەوەدا بەرجەسـتە دەبـێ، سیاسـەت و سیاسـەتمەداران ناتوانـن دەسـتبەرداری ئـاکار بـن، چونکـە کار و کـردار و بڕیارەکانیـان پێویسـتیان بـە پشـتیوانی و پاسـاوی ئاکارییانـە هەیـە. لەلایەکی دیکـەوە داد و دادپەروەریـی (٤) سیاسـەت و ئـاکار لـە کۆمەڵگـە و دەوڵـەتدا پێکـەوە کۆدەکاتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەی ژیانـی مـرۆڤ ئەگـەر بەپێـی نـەزم و ئارامـی لـە کۆمەڵگـەدا بگـوزەرێ، ڕەهەنـدی ئاکارییانـەی پێـوە دیـارە. هـەر بەهاکانـی ئاکاریـش بـۆ هەڵسـەنگاندنی کار و کردار بـە پێوەری ئاکارییانە پشـت ئەسـتوورن.

- ئـاکار و میتافیزیـک لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە کـە لەژێر ڕکێفی ئایینـدا بـووە، تاوەکوو کانت سـێ خاڵـی سـەرەکی هەردووکیانی پێکەوە بەسـتووەتەوە و پـردی پێوەنـدی دەسـتیاوی لەنێوانیاندا هەڵبەسـتووە:

**یـەک:** بـڕوا بـوون بـە هێزێکـی ترانسـندێنتی سـەروو سروشـت کـە لـە جوولەکـە و مەسـیحیدا بـە ڕەب ناودەبـرێ. هێـز و دەسـەڵاتەکەی سـنووربەزێنە و داهێنـەری بـوون و نابوونـە بـە مرۆڤیشـەوە.

**دوو:** ئـازادی و داد و خواسـتی ئـازاد. بەپێـی بنەماکانی ئـاکار کاتێک مـرۆڤ لێـی دەپێچرێتـەوە و دەبـێ بچێتـە ژێربـاری ئۆباڵکێشـان، ئەگـەر ئـەوەی کردوویەتـی بـە ئـازادی کردبـێ و کـەس تۆبـزی لـێ نەکردبـێ! ئەوجـا بەبـێ بوونـی داد و دادپەروەریـی نەکردەوەی ئـازاد و نـە ئۆباڵکێشـان بەهـا و بایەخێکـی ئەوتۆیـان نامێنـێ.

**سـێ:** نەمریـی (گیـان- دەروون) و ژیـان دوای مـردن (٥). مـرۆڤ چـی بێـت و چـۆن بیربکاتـەوە، هەرگیـز ناتوانـێ خـۆی لـە چەنـد پرسـیارێک قوتار بـکات، مـردن چییـە؟ ئایـا ئـەو دیاردەیـە تەنیـا کۆتایـی ژیانـی لەشـە، یـان گیـان و دەروونیـش دەگرێتـەوە؟ باشـە ئەگـەر ژیانێکـی دیکـە، دوای مـردن هەبـێ، لێپێچینـەوە تەنیـا هـەر لەسـەر لەشـە، یـان لـەش و دەروون دەگرێتـەوە؟

ئەمانـە بـە تێکڕایـی پـردی پێوەنـدی دەسـتیاوی نێـوان ئـاکار و میتافیزیـک هەڵدەبەسـتن.

٥ — لـە فەلسـەفەی ئاکاردا چاکـەکاری (ڕەنـد- فەزیلـەت، خێـر) پشـکی شـێری بەردەکـەوێ، بۆیـە پرۆفیسـۆر جـۆرج مـوور لـە شـاکاری بنەماکانـی ئـاکاردا جیـاوازی لەنێـوان دوو چەمـک کـردووە:

**یـەک:** ئـەو شـت و کردارانـە کامانـەن کـە دەکـرێ

بە چاکەکاری ناوببرێن.

**دوو:** وشەی چاکەکاری چ واتایەکی هەیە و چی دەگەیەنێ.

چاکەکاری لە خۆیدا، ئیتر واتاکەی وا ئاسان نییە پێناسە بکرێت، چونکە ئەو چەمکە دەچێتە خانەی گۆڕاوەکانەوە و جاروبار لەگەڵ چێژ، سوود و قازانج تێکەڵ دەکرێ. مرۆڤ دەتوانێ بار (خەسڵەتی) چاکەکاری بە شتێک و دەتوانێ لێی زەوت بکات و لێی بستێنێتەوە، بۆیە ئەو شتەی ئەو خەسڵەتەی پێ دەدرێ، نابێ بە پشکێک لە واتای بارە (خەسڵەتەکە).

(٦) ئەو بۆچوونە چی لێ دەکەوێتەوە؟

– ئەو بۆچوونە دەڤەری میتافیزیکی ئاکار بەجێ دەهێڵێ و پشتی تێ دەکات و ڕوودەکاتەوە کایەی میتائاکار:

لەو کایەیەدا چەمکی چاکەکاری بەلای توێژەرەوە گرینگ نییە، ئەوەی بایەخی پێ دەدرێ ئەو چالاکییەی مرۆڤە کە بەهاوکاری چاکەکاری بە شمەک و بەکار و کردار دەبەخشێ. کەوابوو جیاوازی لەنێوان وشەی چاکەکاریی و ئەو شتانەی چاک و ڕەندن چییە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، ئەو ڕاستییە سەرئاودەکەوێ کە ڕستە جۆربەجۆرە ئاکارییەکان، بە هیچ لایەکدا یەکلایی ناکرێنەوە، نە بە ڕاست نە بە چەوت، چونکە ئەو بابەتانەی ڕستەکان دەریان دەبڕن هەر لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و دەبێ و نابێ و فرمان دەچنە خانەی هەست و سۆز و (ئیمۆشنەوە) و دەسەڵاتی ڕیالیستیان نییە. ئەو ڕەخنەیەی لەو قسەیە دەگیرێ ئەوەیە ئایا دروستە ڕستە ئاکارییەکان بە بنەما و پێوەری ساغ کردنەوە (ڤێری فیکەیشن) واتا و دەلالەتیان شی بکرێتەوە، یان دەبێ بە لایەنی پیادە و پراکتیک کردنیان بەو ئەنجامەی لێیان دەکەوێتەوە، هەڵبسەنگێنرێن؟ ئەوجا ئایا بابەتی ئاکار و ئامرازەکانی هەست و سۆزن، یان ئەم دووانە دەوروژێنن؟ هەست و سۆز لەلایەک و وروژاندنیان لەلایەکی دیکە ناکرێ بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە! چونکە ئەو وروژاندنەی هەست و سۆز ئامانجێکی دیاری نەخشەڕەنگ بۆڕێژراوی هەیە: ئەویش قەناعەت پێکردنی خەڵکە و ڕاکێشان و هێنانیانە بەلای پابەندبوون بە بنەماکانی ئاکارەوە.

– ئەوی ماوە بگوترێ: ئایا بە ڕستە دەربڕین و فرمانە ئاکارییەکان سروشتی خودیی، یان سروشتی بابەتییان هەیە؟ ئەگەر یەکەمیان بێت، ئەوە دەبێ بە مەبەستی تاووتوو و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە پەنابرێتە بەر ئامانجی ئەوەی قسەکە دەکات و فرمانەکە دەدات و بە چ مەبەستێک دەیەوێ کار لە گوێگرەکانی بکات؟ ئەمەش بە هیچ پێوەرێکی لۆجیک و زانست یەکلایی ناکرێتەوە.

سروشت و خەسڵەتی جوان و ناحەزی ئاکارییانەی مرۆڤ لە کاروکردار و بڕیار و بژاردەکانیدا دەردەکەوێ! ئەو ڕستە ئاکارییانەی بابەتەکە دەردەبڕن لە بنەما بەولاوە شتێکی دیکە نین کە هانی مرۆڤ دەدەن شتێک بکات، یان نەیکات، بابەتێک هەڵبژێرێ و بڕیارێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بدات. واتا و دەلالەتی کار و دەستەواژە- ڕستە دەربڕەکە بەوە دیاری دەکرێ و دەردەکەوێ کە ئاماژە بە چ پێوەرێک دەدات کە پشتی پێ دەبەستێ!

– لەم سەردەمەدا کۆششێکی گەرموگوڕ لە ئارادایە بۆ ڕزگارکردنی ئاکار لە میتافیزیک (ئایین)، ئەوجا دیار و دەستنیشانکردنی کایە و پاوانەکەی بە مەرجێک لەگەڵ هەلومەرج و ڕەوشی لە ئارادابووی کۆمەڵگە و گیانی سەردەمدا بگونجێ:

مرۆڤی ئەورووپا ئەگەر بەدکاری نەکات، لەوە نییە بیەوێ لە (ئاسمان بە دیداری یەسووعی مەسیح شاد ببێ و لە سزا دەرباز ببێ)، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ویژدانی ڕێگەی بەدکاری

نـادات.

لەلایەکـی تـرەوە هەبوویەکـی میتافیزیکـی نییـە کـە جێگـەی دڵنیایـی بێـت و بـۆ تاووتووکردنـی بابەتەکانـی ئـاکار بـە دڵنیاییـەوە پشـتی پـێ ببەسـترێ. هیـچ کاتێـک ناکرێ «ئەوەی پێویسـتە هەبـێ» لـەوەوە بکەوێتـەوە «کـە لـە ئارادایـە» بـەو پێیـە بەهـاکان ناکرێ لـە فاکتەکانـی دەوروبەر بکەونـەوە. بـڕوا و بـاوەڕ شـتێکە و ئـاکار شـتێکی دیکەیـە. ناکـرێ کاروبـاری دنیـا و ژیانـی دوای مـردن ئاوێتـەی ژیانـی دنیایـی بکرێـت!

ئـەم قسـەیە لـەو بۆچوونـە کاڵ ناکاتـەوە کـە ئـاکار بەشـێکی دانەبـڕاوی ڕاسـتی و ڕاسـتەقینەیە (هەقیقەتـە)، ئیتـر ئـەو کایەیـە ڕاسـتییەکی ئایینـی بـێ، یـان مێژوویـی و کۆمەڵایەتـی، بـەڵام هەرگیـزاو هەرگیـز ئـاکار نـە دەبـێ بـە بـڕوا و بـاوەڕی ئاییـن، نـە دەکـرێ بکـرێ بـە پشـکێک لـە دۆگمەکانـی سیاسـەت. خـۆی وەک هەمیشـە وابـووە بەشـێکی گرینگـی فەلسـەفە و هـەرواش دەمێنێتـەوە. لـەم سـەردەمەدا هیـچ هزرمەندێـک کێشـەی بـوون و نەبوونـی ئـازادی و پێوەنـدی نێـوان باوەڕهێنـان بـە ڕەب و قیامـەت و ژیانـی دوای مـردن و نەمریـی گیـان و دیـاردە و فاکتـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە پاوانی ئاکار دانانێ! لەگەڵ ئەوەشـدا کێشـەی بەها و سروشـت و ئەرکی بڕیارە (حوکمـە) ئاکارییـەکان و جیاوازییـان لەگـەڵ ئـەو بڕیارانـەی دەربـارەی ڕاسـتی (هەقیقـەت) دەدرێن، گەرموگوڕیـی خۆیـان لـە دەسـت نـەداوە و تـا ئـەم سـەردەمە بـە کراوەیـی ماونەتـەوە.

– بڕیـارە ئاکارییـەکان خەسـڵەتی فەرمانیان هەیە و تەنیـا هـەر پەیوەسـت نیـن بـە هەسـت و سـۆز و هەڵوێسـتەوە، بەڵکـوو هانـدەر و دەسـتنیشـانکاری کاروکـرداری مرۆڤـن. ئـەو فرمانـە ئاکارییانـە بنەمایەکـی گشـتی خواسـت و ئاراسـتەکردنی خەڵکـن، بـەڵام کاتێـک ئـەو بڕیـارە ئاکارییانـە کارا دەبـن ئەگـەر هاتـو خەڵـک ئارەزوومەندانـە بـە پیریانـەوە بچـن و پەیڕەویـان بکـەن و پابەندبـن پێیانـەوە! بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر ئـەو خواسـت و ئـارەزووە لـە ئـارادا نەبـن، هیـچ کاتێـک کارو کردار واتـا و بایەخـی ئاکارییانەیـان نابـێ و نامێنـێ! بـەڵام ئـەو بڕیـارە ئاکارییانـە، لەلایەکـی دیکـەوە، سروشـت و خەسـڵەتی کۆمەڵایەتییـان هەیـە، ئەمـەش ڕەهەنـدی هەمەکـی و سـەرتاپاگیری بـە بڕیـارە (حوکمـە) ئاکارییـەکان دەبەخشـێ! لەبەرچاوگرتنـی سـوود و قازانجی کۆمەڵانی خەڵک و مرۆڤایەتـی لـێ دەکەوێتـەوە. کەوابـوو، پێوەنـدی نێـوان قەناعەتـی ئاکارییانـەی تـاک و پێداویسـتییە کۆمەڵایەتییەکانـی ئـاکار چـۆن هەڵدەسـەنگێنرێ و لێـک دەدرێتـەوە؟ ئەمەیـە کێشـە بنەڕەتییەکانـی ئـاکاری مودێـرن.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1 – G. E. Moore: Princioa Ethica. Philipp Reclam Jun. Stuttgart 1996.

٢ – ابـن خلـدون: المقدمـة، بيـروت، لبنـان، ٢٠٠٤، ص٥٣٤.

3 – Ernst Tugendhat: Vorleyngen Uber Ethik. Stw. 1100. Frankfurt am Main 1993. S.32 ff.

4 – Walter Schulz: Grundprobleme der Ethik. Stuttgart, Neske 1993. S.46.

5 – Immanuel Kant: Kritik der Prakti Schen Vernunft. Werke 3. Konemann. Koeln 1995. S.430.

– اميـل بوتـرو: فلسـفة كانـط، ترجمـة: دكتـور عثمـان أميـن، الهيئـة المصريـة العامـة للتأليـف والنشـر، القاهـرة، ١٩٧١، ص٣٧٣.

٦ – جماعـة مـن الفلاسـفة الانگليز المعاصرين: طبيعـة الميتافيزيقا، نشـر: د. اف. پيرز، ترجمـة: د. كريـم متـى، م: د. كامـل مصطفى الشـيبي بغداد، بـدون تأريـخ، ص٩٥، (ايرس مـردوك: الميتافزيقا والأخـلاق).